KURDISH

# تاوانی ڕق و کینە




WELSH REFUGEE COUNCIL
CYNGOR FFOADURIAID CYMRU

www.wrc.wales

# تاوانی ڕق و کینە

## دەتوانیت شتێکی بەرامبەر بکەیت



سڵاو لەتۆ، بەخێر بێیت بۆ وێڵز! لامان خۆشە کە دەزانین ئەو کەسانەی لە وێڵز نوێن، کولتوری ناوازە و بەهرە و توانای وا دەهێنن کە دەتوانن کۆمەڵگاکەمان دەوڵەمەند بکەن. کەواتە، ژیان لە وێڵز بەلای تۆوە چۆنە؟



**وێڵز وڵاتێکی جوانە و** زۆربەی خەڵك زۆر باشن بەڵام هەندێك كەس وا نین

ئۆو.... بۆچی وایە؟ ئایا هیچ شتێك ڕووی داوە؟

ماوەیەك بەر لەئێستا لە پاسەكەدا، كەسێك بە ناوی ناشرین بانگی كرد، دەیووت دەبێت بۆ وڵاتی خۆم بگەڕێمەوە. كاتێك داوام لێكرد ڕاوەستێت، شتێكی تێگرتم. وابزانم ترێ بوو. ئەوەندە تەریق بوومەوە و ترسام، نەمزانی چی بکەم



چەند ناشرینە! لام سەیر نیە کە نارەحەتیت. لەگەڵ ئەوەشدا ئایا دەزانیت کە هەڵەی تۆ نیە؟ ئەمە ڕووداوێکی ڕق و کینەیە. دەتوانیت پۆلیسی لێ ئاگادار بکەیت. ئەگەر گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەمە تاوانی ڕق و کینەیە، ئەوا دەتوانن بکەونە کار. گوێت بۆ ڕادەگرن، یارمەتیت پێشکەش دەکەن و نۆڕینی بۆ دەکەن تا بزانن ئایا دەتوانرێت بخرێتە خانەی تاوانی ڕق و کینەوە. تەنانەت ئەگەر نەشتوانن بیخەنە خانەی تاوانی ڕق و کینەوە، بۆ تۆ یارمەتیدەر دەبێت هەواڵی لەبارەوە بدەیت تاوەکو پشتیوانی بەدەست بهێنیت. نابێت ڕێگە بدەیت هەروا تێپەڕێت



### ئایا دەتوانم هەواڵی بدەم؟ تاوانی ڕق و کینە چیە؟

تاوانی ڕق و کینە یان ڕووداوی-ڕق و کینە ئەو کردە دوژمنکارانەن کە بەرامبەر بە تۆ دەکرێن بەهۆی نەژادت یان ئاینت یان باوەڕت یان پێداویستیی تایبەتت یان گۆڕینی ڕەگەزت (لەنێر بۆ مێ یان لە مێ بۆ نێر) یان ئاڕاستەی سێکسیتەوە. دەتوانیت هەواڵی ئەمانە بدەیت ئیتر ئایا ئەو کردەیە بەرامبەر بەخۆت بکرێت یان بیبینیت بەرامبەر بە کەسێکی تر دەکرێت. دەشێت ئەو کەسەی تر خزمێکت بێت یان هاوڕێکانت بن یان کەسێك بێت تازە ناسیبێتت یان هەر نەیناسیت

تاوانی ڕق و کینە دەکرێت لەهەرکوێیەك بێت ڕوو بدات. دەکرێت لە ماڵەکەتدا ڕوو بدات، لە پاسدا، لە پارکێکدا، یان لە قوتابخانە یان لە زانکۆ.

**ڕاستی: تاوانی کینە کردەیەکی نایاسایی دوژمنکارانەیە بەرامبەر بە تۆ دەکرێت بەهۆی ئەوەی کە تۆ کێیت یاخود نوێنەرایەتی چ شتێك دەکەیت**



## بەڵام وابزانم ئەو کەسە ڕەنگە تەنها گەمژەیەك بێت؟

ئەو حوکمێکی بەسەر تۆدا داوە و بەهۆی ئەو حوکمەی خۆیەوە هێرشی کردووەتە سەر تۆ. شتی وا لە شانشینی یەکگرتوودا مایەی قبوڵ نیە. ئەنجامدانی شتی وا دەکرێت نایاسایی و تاوان بێت! مافی خۆتە لە ماڵی خۆت و لە کۆمەڵگای خۆت و شوێنە گشتییەکاندا هەست بە ئاسایش بکەیت

زۆر شت هەن کە دەشێت بەسەر ئەو خەڵکانەدا بێن کە قبوڵ ناکرێن و ئەم شتانەش کاتێك ئەنجام دەدرێن دەبنە ڕووداوی ڕق و کینە چونکە کەسێك حوکمێکی لەبارەی تۆوە دەرکردووە. ئەمانە دەشێت ئەمانە بن

پاڵت پێوە بنرێت، پیاتا هەڵشاخێن یان هەڕەشەت لێبکرێت
شتێکت تێ بگیرێت یان شتێکی خراپت بۆ بخرێتە سندوقی پۆستەکەتەوە
کەسێك بە شێوازێکی هەڕەشە ئامێز لێت بێتە پێش
ئاماژەی دوژمنکارانە بە کردەوە یان لاسایی کردنەوەت
تفت لێ بکرێت یان لێت بدرێت یان شەقت لێ بدرێت
ناووناتۆرەی ناشرینت لێ بنرێت، گاڵتەت پێ بکرێت، یان نوکتەی بێتام و ناشرینت لەسەر بکرێت
شت و مەکت بشکێنرێن یان بدزرێن
لەلایەن دراوسێیەکەوە هێرشت بکرێتە سەر
بەئەنقەست سووتاندن یان ململانێ لەگەڵ دراوسێیان و
لەئەنجامی کەمئەندامیت یان نەژادت یان ئاینت یان ئاڕاستەی سێکسیتەوە یان ڕەگەزی گۆڕاوتەوە کەسێك خۆیت بەسەردا بسەپێنێت





## باشە، بەڵام چۆن هەواڵ بدەم؟

باشە، لەکاتی ناکاودا، دەتوانیت لەڕێی پەیوەندی کردن بە 999 وە هەواڵ بدەیت ئەگەر هاتوو

ڕووداوەکە ئێستا لە ڕوودادا بێت و تۆش پێویستت بە یارمەتیی ناکاو بێت
هێرشکار هێشتا لەوناوە بێت
هەست بکەیت مەترسی لەسەر ژیانت یان ژیانی کەسێکی ترهەیە یان
توندو تیژی بەکاربێت و هەست بکەیت هەڕەشەت لەسەرە

تەلەفون بۆ 101 بکە ئەگەر
ڕووداوەکە ماوەیەك لەوەپێش ڕووی دابێت و ئارەزوو بکەیت هەواڵی بدەیت
ئەو کەسەی هێرشەکەی کردە سەرت ئیتر لەو ناوە نەمابێت
لەئێستادا مەترسی لەسەر ژیانت یان ژیانی کەسێکی ترنەبێت و
توندوتیژی بەرامبەرت بەکار نەیەت

**تەلەفۆن بۆ ژمارە 999 یان 101 بکە**
**"لەیادت نەچێت بڵێ "دەمەوێت هەواڵی تاوانێکی ڕق و کینە بدەم**



## ئایا ئەگەر هەواڵی بدەم، ئینجا چی ڕوو دەدات؟

کاتێك هەواڵی تاوانێکی ڕق و کینە دەدەیت، پۆلیس هەموو هەنگاوێکی پێویست دەنێت بۆ دڵنیابوون لەوەی سەلامەت بیت. دێن بۆ بینینت، مەگەر خۆت حەز بکەیت لە بنکەی پۆلیس بیانبینیت یان بەتەلەفون قسەیان لەگەڵ بکەیت و ووردەکاریی زانیارییەکان لەبارەتەوە بە شێوەیەکی نهێنبڕانە وەردەگیرێن. پۆلیس گوێ لە گێڕانەوەی تۆ بۆ ئەوەی ڕووی داوە دەگرێت و لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا یارمەتی ڕێکخراوەکانی تریشت پێشکەش دەکات لەوانە ڤیکتیم Victim Support (سەپۆرت (پشتیوانی لە قوربانیان پۆلیس ئەگەر پێویست بکات لەوەش. دەڕوانێت چ ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ وەستاندنی ئەو کەسە لە پەیوەندی کردن پێتەوە. هەموو هێزەکانی پۆلیسی وێلز ئەفسەری پشتیوانیی تەرخانکراو بە تاوانەکانی ڕق و کینەیان هەیە کە ئەوانیش لەبەردەستن بۆ یارمەتیدانت و پشتیوانی کردنت

داوات لێ ناکرێت لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکەیت یان ڕووبەڕووی ببیتەوە یان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بکەیت، بەڵام ڕەنگە داوات لێ بکرێت

وتە (ئیفادە) بدەیت

هەر بەڵگەیەکت هەبێت بیدەیت، وەکو گرتەی ڤیدیۆیی مۆبایڵ، گرتەی کامێرای چاودێری، بریندارى یان وێنە


لێدوانێکی کاریگەری لەسەر قوربانی بدەیت، واتە هەست بەچی دەکەیت لەبارەی ئەوەی لەتۆ ڕووی دا و چۆن ژیانت بەمە کاری لێ کرا و

لە دادگا Victim Support (بەیارمەتیی نوێنەرێکی ڤیکتیم سەپۆرت (پشتیوانی لە قوربانیان بەڵگە پێشکەش بکەیت





## چۆنە ئەگەر حەز نەکەم هەواڵی بدەم؟ ڕەنگە هەواڵ لێدانی کارەکە خراپتر بکات؟



ئەگەر نەتەوێت لەبارەی ئەم ڕووداوەوە قسە بۆ هیچ کەس بکەیت، ئەوا دەتوانیت لەڕێی ئینتەرنێتەوە بە ماڵپەڕی ڤیکتیم سەپۆرت (پشتیوانی لە قوربانیان
ی ڕابگەیەنیت **Victim Support**
لێرەوە **www.reporthate.victimsupport.org.uk/hate-crime/**
دەتوانیت ئەو زمانە هەڵبژێریت کە ئارەزووی دەکەیت، فۆرمەکە پڕبکەیتەوە و لەڕێی ئەم
یان **hate.crimewales@victimsupport.org.uk** ناونیشانەوە بینێریت
تەلەفون بکە بۆ 0300 303 1982

**لەیادت بێت : زۆرت لەسەر نیە بۆ دانی هەواڵی تاوانی کینە بۆ هیچ کەسێك قسە بکەیت؛ دەتوانیت لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بیگەیەنیت**

## من پەناخوازێکم asylum seeker و نامەوێت سەرنج بۆلای خۆم ڕابکێشم؟ هیچ گێرەوکێشەیەکم ناوێت و نامەوێت کاریگەری لە داوای پەنابەرییەکەم بکەم



تاوانەکانی ڕق و کینە و ڕووداوەکانی ڕق و کینە پۆلیسی ناوچەکەی خۆت مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و کاریگەریی لەسەر داواکارییەکەت بۆ پەنابەری دانانێن. ئەگەر کەسێك هەوڵ بدات ئازارت بدات لەسەر ئەوەی کە تۆ چیت یان لەسەر ئەوەی ئەو وادەزانێت تۆ چیت، ئەوە تاوانی تۆ نیە. پۆلیس کارت لەگەڵ دەکات تا دڵنیابێت لەوەی لێکۆڵینەوە نابێتە هۆی تێکچوونی وادەکانی داواکردنی پەنابەرییەکەت و زانیارییەکانی هەواڵدانت لە تاوانی ڕق و کینە نادرێن بەو کەسەی لە وەزارەتی ناوخۆ کەیسی پەنابەرییەکەتی لایە.

هەروەها هەواڵ دان لە ڕووداوێکی ڕق و کینە کارناکاتە سەر پشتیوانیی داڵدەدانت یان نیشتەجێبوونت، بەڵام ئەگەر بەهۆی ڕووداوی ڕق و کینەکەوە پێویستیت بە شوێنێکی داڵدەدانی ئەمین تر بوو، ئەوا لەو بارەیەوە یارمەتیت دەدرێت



## ئایا ئەگەر نەمەوێت خۆم هەواڵ بدەم، کەسێکی تر دەتوانێت هەواڵم بۆ بدات؟



بەڵێ، لە ڕێی ژمارە تەلەفونی **0300 303 1982** ەوە پەیوەندی بە ڤیکتیم سەپۆرت ەوە بکە و ئەوان بەناوی تۆوە هەواڵ دەدەن Victim Support ((پشتیوانی لە قوربانیان. دەشتوانیت داوا لە ئاژانسێکی پشتیوانیی خۆجێیی بکەیت تا بەناوی تۆوە هەواڵ بدات. لەو ئاژانسانەی کە دەتوانن یارمەتی بدەن ئەنجومەنی وێڵزی بۆ پەنابەران Welsh Refugee Council و نووسینگەی ئامۆژگاریی هاووڵاتیان Citizens Advice Bureau و خاچی سوری بریتانین British Red Cross.



**تەلەفون بۆ 0300 303 1982 بکە و ئەوان لەجیاتی تۆ هەواڵەکەت بۆ دەدەن**



**ئایا دەتوانم هەواڵ لە ڕووداوێکی ڕق و کینە بدەم تەنانەت ئەگەر نەشتوانم بە ڕوونی وەسفی ئەو کەسە بدەم کە هێرشی کردووەتە سەرم؟**

بەڵێ. هەرچی زانیارییەك تۆ لەبارەی ڕووداوێکی ڕق و کینەوە بیدەیت دەکرێت گرنگ بێت و لەوانەیە پەیوەندیی بە ڕووداوێکی هاوشێوەوە هەبێت کە بەسەر کەسێکی ترەوە  لە ناوچەکەتدا هاتبێت. لەوانەیە پۆلیس کەسەکە بناسن و لەوانەیە بتوانن لە ڕێگای گرتەی ڤیدیۆیی تەلەفونی مۆبایلەوە یان کامێرای چاودێرییەوە بەڵگە لەسەری بەدەست بهێنن. تەنانەت ڕەنگە بتوانن ڕێگە لە پەرەسەندنی ڕووداوەکە بگرن بۆ هەڵچوونی بۆ تاوانی ڕق و کینەی ترسناکتر. **لەبەر ئەوە تکایە هەواڵەکەی بەکەسێك بدە**





**چی دەبێت ئەگەر پۆلیس لەوباوەڕەدا نەبێت ئەوە تاوانی ڕق و کینەیە؟**

ئەگەر ڕووداوەکەت بە تاوانی ڕق و کینە نەزانرێت، پۆلیس هەنگاو بە هەنگاو لەو کردانەیان ئاگادارت دەکەنەوە یش لە یارمەتیدانت بەردەوام دەبێت Victim Support (کە دەیانکەن و ڤیکتیم سەپۆرت (پشتیوانی لە قوربانیان



**ئایا پێویستە لەسەرم بیسەلمێنم ڕووداوەکە تاوانی ڕق و کینە بووە؟**

نەخێر. ئەگەر لەوبڕوایەدایت بەهۆی دژایەتیکردنی نەژادت، ئاینت، کەمئەندامیت، ئاڕاستەی سێکسیت یان ناسنامەی ڕەگەزیت (نێر یان مێ) کراویتە ئامانج، ئەوا ئەوکات پۆلیس لەسەریەتی ئەوەی ڕووی داوە وەك تاوانی ڕق و کینە مامەڵە بکات. تەنانەت ئەگەر ئەوەی ڕووی داوە دەستدرێژییەکی تاوانکارانەش نەبووبێت (پۆلیس بەمانە دەڵێت ڕووداوی ڕق و کینە) هێشتا پۆلیس لێی دەکۆڵێتەوە و  هەنگاو دەنێت بۆ وەستاندنی و تۆش لەلایەن ئەفسەری پشتیوانی تەرخانکراو لە قوربانیانی تاوانەکانی ڕق و کینەوە یارمەتی دەدرێیت



**لەیادت بێت: پۆلیس دەتوانێت گرتەی ڤیدیۆیی تەلەفونی مۆبایڵ یان تۆمارەکانی کامێرای سەرشەقام بەکار بهێنن بۆ بەدەستهێنانی بەڵگە بۆ هەواڵ دانەکەت**



## ئایا بۆچی هەواڵدانی ئەوەندە گرنگە؟

زۆر تاوانی ڕق و کینە بەبێ هەواڵ لێدان تێدەپەڕن. کاتێك هەواڵ لە تاوانێکی ڕق و کینە دەدەیت، بۆ تۆ و هاوڕێکانت و خێزانت و کۆمەڵگاکەت جیاوازییەك  دروست دەکات. کاتێك کە ڕوودەدات، بە هەواڵ دانت دەتوانیت

یارمەتی بدەیت لە ڕێگرتن لەوەی لەکەسێکی تریش ڕووبدات

یارمەتی بدەیت لە دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی بۆ پەناخوازان و پەنابەران مایەی نیگەرانین

یارمەتی پۆلیس بدەیت باشتر لە ئاستی تاوانەکانی ڕق و کینە لە ناوچەکەت تێبگات و چۆن مامەڵە بکرێت و

ئەو شێوازانە باشتر بکەیت کە پۆلیس بۆ پەرچدانەوەی تاوانەکانی ڕق و کینە بەکاریان دەهێنێت

ئەگەر نەتەوێت ووردەکارییەکانی زانیارییە کەسییەکانی خۆت بدەیت، تەنها ئەوەندەیان پێ بڵێ چی ڕووی داوە و ئەوان دەتوانن ئەو زانیارییانە کە تۆ داوتن بەکار بهێنن بۆ چاودێریی چالاکییەکانی تاوانەکانی ڕق و کینە لە ناوچەکەتدا، کۆمەڵگاکەت پڕئاسایش تر بکەن، و یارمەتیی خەڵك بدەن کەمتر هەست بە گۆشەگیری و ترس لەوەی بەسەریان هاتووە بکەن. پۆلیس هەموو تاوانەکانی ڕق و کینە کە هەواڵیان پێی دەدرێت تۆمار دەکات. ڕەنگە ئەوەی ڕووی داوە نەچێتە دادگا، بەڵام، هێشتا هەر کارلەگەڵ تۆ و ئاژانسەکانی دیکەی دژ بە تاوانی ڕق و کینە دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لەوەی ڕوداوەکان خراپتر ببن



## ئایا چی دەبێت ئەگەر پۆلیس گوێم لێ نەگرێت؟ کاتێك هاوڕێکەم لەسەر جادە بە هێلکە هێرشی کرایە سەر، پۆلیس ووتەکانیان وەرگرت، بەڵام ئیتر هیچی تریان نەکرد



ئەگەر  هەستت کرد ئەفسەرێکی پۆلیس یان ئەندامێکی دەستەکە گوێی لێ نەگرتیت یان دادپەروەرانە مامەڵەی نەکردیت، دەتوانیت سکاڵایەکی لەبارەوە پێشکەش بکەیت. دەتوانیت سکاڵاکە لە بنکەی پۆلیسی ناوچەکەی خۆت پێشکەش بکەیت و داوایان لێ بکەیت داواکەت بکەن. هەموو دەزگا خزمەتگوزارییەکانی Professional Standards Department ڕووبەڕووی بەشی ستاندارده پیشەییەکان ی نوێنەری ناوچەکەت بڵێیت یان بە ئەندامی ئەنجومەن (MP) پۆلیس ئەمەیان هەیە. هەروەها دەتوانیت بە ئەندامی پەرلەمان بڵێیت لەو بارەیەوە، و ئەو دەتوانێت یارمەتیت بدات سکاڵا بکەیت یان خۆت دەتوانیت پەیوەندی بە Assembly Member (AM) بکەیت لە ڕێی  Independent Police Complaints Commission (IPCC) کۆمیسیۆنی سەربەخۆی سکاڵاکانی پۆلیس ەوە. بەخۆشحاڵیشەوە دەتوانیت لە ڕێگای پارێزەرەکەتەوە، ئەگەر  هەتبێت، سکاڵا پێشکەش بکەیت. بۆ www.ipcc.gov.uk و کلیك لەسەر  لینکەکە بکە www.parliament.uk دۆزینەوەی ئەندام پەرلەمانی ناوچەکەت بچۆرە سەر ئەم ماڵپەڕە

ی ناوچەکەت بچۆرە سەر ماڵپەڕی **AM** بۆ دۆزینەوەی ئەندامی ئەنجومەن

**www.senedd.assembly.wales/mgFindMember.aspx.**

**هەندێك ئاژانس هەن دەتوانن لەجیاتی تۆ هەواڵی ڕووداوەکانی ڕق و کینە بدەن**

| | |
|---|---|
| **نووسینگەی ئامۆژگاریی هاووڵاتیان Citizens Advice Bureau** | **03444 772 020** |
| **خاچی سوری بریتانی British Red Cross** | **01633 245 774** |
| **ڤیکتیم سەپۆرت پشتیوانی لە قوربانیان Victim Support** | **0300 303 1982** |
| **ئەنجومەنی ویڵزی بۆ پەنابەران Welsh Refugee Council** | **02920 489 800** |

**لەیادت بێ: کاتێك هەواڵ لە تاوانێکی ڕق و کینە دەدەیت، بۆ تۆ و هاوڕێکانت و خێزانت و کۆمەڵگاکەت جیاوازییەك دروست دەکات.**




## سوپاس و پێزانین

ئەم بڵاڤۆکی تاوانی ڕق و کینەیە ڕێبەرێکە بۆ تێگەیشتنی تاوانەکان و ڕووداوەکانی ڕق و کینە لە وێڵز، چۆن هەواڵیان بدەیت و چی دەتوانیت بکەیت بۆ وەستاندنیان. ئەنجومەنی وێڵزی بۆ پەنابەران خۆشحاڵە بتوانێت ئەم زانیارییانە بەتۆ بگەیەنێت و بە تایبەتیش سوپاسگوزاری ئەو ڕێکخراوانەیە کە لەگەڵماندا کاریان کرد بۆ دروستکردنی ئەم بڵاڤۆکە.

VS VICTIM SUPPORT CYMRU | WALES

HEDDLU GWENT POLICE

WELSH REFUGEE COUNCIL CYNGOR FFOADURIAID CYMRU

Ariennir gan Lywodraeth Cymru
Funded by Welsh Government